سودانی دەستبەسەرداگرتنی شەش تەن ماددەی هەشبەر لە ئەنجامی هەماهەنگی نەودەوەتی رادەگەیەنێت

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستبەسەرداگرتنی شەش تەن ماددەی هەشبەری لە ئەنجامی هەماهەنگی نەودەوەتی لە بەرەنگاربوونەوەی ئاگەیاند و ئاماژەی بە دامەزراندنی 33 خاڵی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە کرد.

محەمەد شیاع سودانی ئەمە یەکشەممە لەمیانی وتارێکدا لە سێیەمین کۆنفرانسی نەودەوەتی بۆغدا بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان، ڕایگەیاند، "عێراق شەڕێکی توند دژی بەڵای ماددە هەشبەرەکان ئەنجام دەدات، ئێمەش پابەندبونی بەکەمەمان بە ڕوبەڕوبونەوەی ئێم مەترسییە دوپاتدەکەینەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "شانازی بە میکانیزم و پلانانە دەکەین کە داماننناوە بە بەرەنگاربوونەوەی بەڵای ماددە هەشبەرەکان".

محەمەد شیاع سودانی هەروەها ڕونیکردەوە، "عێراق دەستی بەسەر شەش تەن ماددەی هەشبەردا گرتوە لە ئەنجامی هەماهەنگی نەودەوەتی، دوای ئەوەی کارمان کرد بە بەرزکردنەوەی هەماهەنگی و هاوکاری و دامەزراندنی 33 خاڵی پێوەندی لەگەڵ وڵاتان بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان".